# ئەبێت ئاسەواری ستەمی میللی لەکەرکوك بنەبڕ بکرێت و فەوزای دوای ڕوخانی بەعیش چارەسەر بکرێت

## گفتوگۆ لەگەڵ زمناکۆ عزیز  سەبارەت بە پرۆژەی بەستنی کۆنفراسێکی تایبەت بە شاری کەرکوك

**ئۆکتۆبەر: لەژمارەی پێشووی ئۆکتۆبەردا پرۆژەی بەستنی کۆنفرانسێکمان سەبارەت بە شاری کەرکوك بڵاوکردەوە کە ڕێکخراوی کوردستانی حزب لە پێشنیاری کردووەو ئێوە ئێستا خەریکی پێکهێنانی لیژنەی ئامادەکارین بۆی، ئامانجی ئەم کۆنفرانسە چیە؟ بەنیازی چ شتێکن لەم ڕێگایەوە؟**

**زمناکۆ عزیز: بەبڕوای من مەسەلەی بەستنی کۆنفرانس بۆ قسەوباس و دۆزینەوەی ڕیگاچارەیەك بۆشاری کەرکوك لەئێستادا مەسەلەیەکی حەساسە، چونکە وەزعەکە سەرباری ئاڵۆزیەکەی جارانی ئێستا دەبەرابەر ئاڵۆزتر کراوەو زەمینەی تێکچونی زیاتری زۆر بەهێزە، بائەمە کەمێك ڕوون بکەمەوە.**

زمناکۆ عزیز:کەرکوك ئەوشارە دەوڵەمەندەیە کە هەموان چاویان تێبڕیوە، چونکە شارێکە لەسەر دەریایەك نەوتەو گەر بکەوێتە دەست هەر لایەنێك ئەوا لە پێگەیەکی ئابووریو هەربەم پێیە سیاسی بەهێز بەهرەمەند ئەبێت، هەرئەمەشە کە ئەگەر لەچوارچێوەی دانوسانو بڕیارنامەو ڕێگاچارەی ناواقعی نێوان حزبەکانی عێراقو کوردستانو خودی حکومەتی ئەمریکا بتەوێ چارەسەری بکەیت، هەرگیز ناگەینە دەرئەنجامێکی درێژخایەنو قابیلی قبوڵ بۆ هەموان، وەهەمیشە ئەگەری ڕوودانی پێکدادانو شەڕ یەکێك ئەبێت لەئەگەرە بەهێزەکان. چونکە وەك ووتم ئەگەر ڕێکەوتنێکی کاتیکش هەبێت ئەوا لە کاتی ئاڵوگۆڕ لە هاوسەنگی هێزەکاندا سەرجەم بەندوبەستەکان کەڕەتی سفر ئەکرێنو ئەگەڕێنەوە خاڵی سفرو کەس پۆەی پابەند نابێت. وەهۆکاری ئەمەش بەڕای من ئەوەیە کە ڕێگا نەدراوە کەخاوەنانی مەسەلەکە کەدانیشتوانی شارەکەن داخالەت بکەنو قسەیەك لەسەر چارەنوسی خۆیانو شارەکەیان بکەن. وە ئامانجی سەرەکی ئێمە لەبەستنی ئەم کۆنفرانسە ئەگەر لەلایەك هەوڵێك بێت بۆ دانانی بەرنامەیەك کەبەرژەوەندیەکانی دانیشتوانی شارەکە بپارێزێتو مافی زەوتکراویان بگێڕێتەوەو سەرجەم لایەنەکانی پێوە پەیوەست بکات، ئەوا لەلایەکیترەوە ئامانج لێی ڕێگەخۆشکردنە بۆ هێنانەمەیدانی جەماوەری شارەکەو دەخالەت پێکردنیانە لە ئایندەی خۆیانو شارەکەیان.

سەبارەت بەبەشی دووەمی پرسیارەکە، ئێمە ئەمانەوێ بەهۆی ئەم کۆنفرانسەوە دەستمان بگاتە زیاترین ژمارە لە کەسایەتیە جۆراوجۆرەکانی شارو کەسە چالاکەکان کەبواریان نەدراوەتێ دەوری ڕاستەقینەی خۆیان بگێڕن لە باشتر کردنی هەلومەرجی شارەکەیان، ئێمەپێمان وایە کە خەڵکانێك هەن ئەگەر بواریان بۆ بڕەخسێتو ڕێگریەکانی بەردەمیان وەلابنرێت، ئەوا ئەتوانن کاریگەری قورسو باشیان ببێتو، سەرەنجام لەم ڕێگەیەوە بەرەیەکی جەماوەری فراوانو بەهێز دابمەزرێت.

**ئۆکتۆبەر: ئایا سەبارەت بە ماددەی 140 چی دەڵێن؟ لەکاتێکدا کە ناسیونالیزمی کورد پێداگری لەسەر جێبەجێکردنی دەکاتو ڕاسپاردەکانی بیکەر-هاملتۆنیش داوای دواخستنی ئەکات؟**

زمناکۆ عزیز: من هەردوو ئەم خواستو سیاسەتەی ناسیونالیزمی کوردو ئەمریکاش لەڕاپۆتەکەی بیکەر هاملتۆندا، بەدوو دیوی یەك دراو ئەزانم. چونکە هەردوکیان لەسەری بەرژەوەندیەکانی خۆیانەوە دەم لەم مەسەلەیە ئەکوتن، تائەو جێگەیەی کە بە ناسیونالیزمی کورد ئەگەڕێتەوە مەسەلەی کەرکوك بەفەلسەفەی وجودی خۆی ئەزانێتو دەستبەردار بوون لەکەرکوك بە شکستی بزوتنەوەکەی ئەزانێت، بەڵام ئەم داواو خواستەی سەیرەو جێگای سەرنجە، چونکە کاتێك کە دەڵێن کەرکوك بێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، هێشتا بۆ خۆشیان ئاشکرا نیە کە هەرێمی کوردستان کامەیە؟ سنورەکەی، ئیدارەکەی، شەرعیەتە نێودەوڵەتیەکەی، سەرچاوە ئابوریەکەیو... هتد. ئەگەر ئەوان لەکوردستانێکی سەربەخۆو جیاکراوە لەعێراق ئەم خواستەیان هەبوایە ئەوا ئەکرا بڵێین خواستەکەیان مەنتقی تیایەو خواستەکەیانو مەسەلەکەیان ڕەواو ئاساییە، بەڵام ئێستا شتێکی سەربەخۆت نیە ئەتەوێ بێتە سەر کوێ؟ تەنانەت بەم خواستە نادروستە سەریشیان لەدۆستانی خەڵکی کوردستان لەدەرەوە شێواندوە کە بەچ شێوازێك پشتیوانی لە خەڵکەکەی بکەن. بۆیە بەبڕوای من ناسیونالیزمی کورد کەرکوکیشی بۆ وەڵامدانەوە بە نیازەکانی بزووتنەوەکەی ئەوێت نەك لەبەرخاتری خەڵکی شارەکەو سەرجەم خەڵکی کوردستان. بەڵام تائەو جێگەیەی کە بەدەوڵەتی ئەمریکا ئەگەڕێتەوە توشی قەیرانێکی گەورە هاتوەو شکستی بەسەردا فەرزکراوە، بۆ دەربازبوون لەم وەزعیەتە کەرکوکی بەیەکێك لەو مەسەلە گرنگانە داناوە کە بەنیازە ساتوسەودای پێوە بکات، بە ڕاگرتنی مادەی 140 دڵی شۆڤێزمی عەرەبی پێڕازی ئەکاتو هاوکات ناسیونالیزمی کوردیش ئومێدەوار ڕائەگرێت کە چاوەڕوانی فرسەتێکیتر بکات کەئەمریکا ئەیخولقێنێتو لەوێوە بەقازانجی خۆی مەسەلەی کەرکوك چارەسەر بکات. بەڵام بۆ

ئێمەو دانیشتوانی شارەکە مەسەلەکە بەتەواوی پێچەوانەی ئەو نەخشەو بەرنامەیەی ئەوانە، ئێمە ماددەی 140 بە چارەسەرێکی گونجاو بۆ شاری کەرکوك نازانین‌و پێمان وایە خودی مادەکە ئەبێتە هۆی سەرهەڵدانی جەنگی خوێناوی قەومی لەنێوان ناسیونالیستەکانی شارەکەدا لەگەڵ یەکتری‌و باجی گەورەش خەڵکەکەی ئەیدات، بۆیە ئێمە بەدوای ڕێگەچارەیەکیترەوەین کە هاوکات ئارامی ڕابگرێت‌و هەلومەرجی شارەکە ئاسایی بکرێتەوە، هەم ئەبێت ئاسەواری ستەمی میللی بنەبڕ بکرێت وە فەوزای دوای ڕوخانی بەعیش ئەبێت چارەسەر بکرێت. پاشان خەڵك خۆی بڕیار لەسەر چارەنوسی بدات، ئەویش بەدەرەجەی یەکەم چارەسەری مەسەلە سەرەکیەکانی ئەوشارەیە: ئەمنیەت، ئیدارە، دەزگا ئەمنیەکانی پۆلیس‌و سوپا، خزمەتگوزاریەکان‌و بنەبڕکردنی دزی‌و ڕاووڕوت‌و گەندەڵی، دەستکۆتاکردنی گروپە تیرۆریستیەکان... هتد. وەئەگەر تائەو کاتەش کوردستان لەعێراق جیابێتەوەو دەوڵەتێکی سکۆلارو ناقەومی دابمەزرێت‌و لەسەر بنچینەی مافی هاولاتیبونی یەکسان ڕەفتار لەگەڵ خەڵکەکەی بکرێت، ئەوا بێ سێ‌ودوو پێمان وایەو ڕایدەگەیەنین کەئەبێت خەڵکی دەنگ بە چوونە پاڵ حکومەتی تازە دامەزراوی کوردستان بدات‌و ئەو هەڵبژاردنە بەقازانجیەتی.

**ئۆکتۆبەر: بەرنامەی کۆنفرانس چی ئەبێت؟ وەلیژنەی ئامادەکار تاکاتی بەرپاکردنی کۆنفراس چ ئەرکێکیان لەئەستۆ گرتوە؟**

زمناکۆ عزیز: کۆنفراس لەسەر دووخاڵی سەرەکی چەق ئەبەستێ، یەکەمیان: مەسەلەی ئەمنیەتە، کەئێستا بووەتە گرفتێکی گەورەو تەنگی بەدانیشتوانی شارەکە هەڵچنیوە، لەپەنای کردەوە تیرۆریستیەکاندا کە لەلایەن ئیسلامیەکان‌و پاشماوەکانی بەعسەوە ئەنجام ئەدرێت، کاردانەوەیەکی جدی‌و گرنگمان بەدینەکردووە لەلایەن پۆلیس‌و سوپای شارەکەوە، چونکە ئەمانیش بەهەمان چەشنی وەزارەتخانەکانی ناوخۆو بەرگری عێراق لەسەر بنچینەی تائفی‌و قەومی دامەزراون‌و ئەندامەکانیشی بەهەمان ئاڕاستە کار ئەکەن، بێمتمانەییەکی گەورەو ترسێکی زۆر هەیە لەیەکتر لەناو ڕیزەکانی پۆلیس‌و سوپادا، نەکوردەکان، وەنەعەرەب‌و نەتورکمانیش متمانەیان بەیەکتری نیەو هەریەکەشیان بەقازانجی حزب‌و تائیفەکەی خۆی کارئەکات، هەر بۆیە ئەمە وایکردوە کە تیرۆریستان بەئاسانی دزە بکەنە ناو ئەم دەزگایانەوەو سەرەنجام وەك بووە خۆیان بنە بەشێك لەهۆکاری وێرانتر بوونی هەل‌و مەرجی ئەمنی شارەکەو هاولاتانیش هیچ ئومێدێکیان پێیان نیە، بەمەش کاری تیرۆریستان ئاسانتر بووەو کێرڤی تیرۆرو ڕەشەکوژی تادێت بەرەو سەر ئەچێت، بۆ ئەمە کۆنفراس پێداگری ئەکات لەسەر "سیاسەت‌و مەنهەجی خۆپارێزی" واتە لەهەر ناوەندو گەڕەکێك دەستەیەکی چەکداری ببێت کە لەلایەن خەڵکی گەڕەکەوە پێکئەهێنرێت‌و لەژێر فەرمانی نوێنەرانی هەڵبژێردراوی گەڕەکەکاندا بن، وەلەسەر بنەمای لێهاتوویی‌و لێوەشاوەیی دائەنرێن‌و مەسەلەی ئینسانیەت بۆیان مەسەلەی سەرەکی بێت، نەك قەومچێتی‌و تایەفەگەری. دووەمیش: مەسەلەی خزمەتگوزارییەکانە، مەبەست لەسەرجەم خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانە تادەگاتە باقی مافەکانی تری هاولاتیان، ئەمیش بەدانانی بەرنامەیەك بۆ دیاریکردنی کاتەکانی دابەشکردنی سوتەمەنی‌و کارەباو بەشەخۆراکی مانگانە، وە بەپلانێکی هاوبەشی نوێنەرانی گەڕەکەکان‌و ئیدارە وەلام بەسەرجەم گرفتەکانی هاولاتیان بدرێتەوەو خزمەتگوزارییەکان بەپێی پێویستی‌و لەکاتی دیاری کراوو ڕاگەیەنراوی خۆیدا بگاتە دەست هاولاتیان. سەبارەت بەئەرکی لیژنەی ئامادەکار ئەوەیە کە لەهەنگاوی یەکەمدا لیژنەیەکی فراوان ساغ بکاتەوەو هەواڵەکەی بداتە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن‌و خەڵك، پاشان کار بۆ ناساندنی پرۆژەکەی بکات‌و بەرنامەی تەلەفزیۆنی‌و سیمنارو کۆبونەوەی جەماوەری ئەنجام بدات‌و هەنگاوەکان‌و بەرنامەی خۆی ڕۆشنتر بکاتەوە. ئینجا سەردانی حزب‌و لایەنەکان بکرێت‌و داوایان لێبکرێت کە بە کۆنفراس پەیوەست بن‌و پابەندی بڕیارەکانی بن. وە ئامادەکاری بکرێت بۆ کاتی بەستنی کۆنفراس کە لانی کەم تا کۆتایی مانگی یەکی ساڵی 2007 بەرپا ئەکرێت، هاوکات کار بکرێت بۆ وەڵامدانەوە بە لایەنەکانی تەداروکات‌و مالیەو ئامادەکردنی بڕیارنامەو ئەسنادەکانی کۆنفرانس.

**ئۆکتۆبەر:ئایا چ کەسێك ئەتوانێ ببێتە ئەندامی لیژنەی ئامادەکار؟ وە ئەگەر کەسێك خۆی بیەوێ پەیوەندی بکات‌و بەشدار بێت، لە چ کەناڵێك سود وەرگرێت؟**

زمناکۆ عزیز: هەرکەسێك بڕوای بەچوار چێوەی ڕاگەیەنراوەکەی ئێمەبێت ئەتوانێ ئەندامی کارای لیژنەی ئامادەکار بێت، بەو مەرجەی ئەرکێك لەئەستۆ بگرێت لەلیژنەکەدا، ئەوچوار چێوەیەش بریتیە لەوەی وەزعی کەرکوك زیاتر بێدەنگی هەڵناگرێت‌و ئەبێت لەڕێگەی خەڵکەوە وەلامی جدی پێ بدرێتەوە، سەبارەت بەو کەسانەیشی کە ئەیانەوێ بەشدار بن ئەتوانن لە ئێستادا لە ڕێگەی ژمارە تەلەفۆنەکانی ئێمە وەیان ئەدرێسی ئیمەلەکانمانەوە پەیوەندیمان لەگەڵ بگرن‌و لەئایندەشدا هەوڵئەدەین جێگەیەك دیاری بکەین بۆئەو مەبەستە. هەروەها لەدەرەوەی کوردستانیش ئەم کۆنفرانسە پێویستی بە پشتیوانی‌و هاوکاری خەڵك هەیەو، بانگەوازمان بۆ خەڵکی دەرەوەی کوردستان ئەوەیە کە بەهەر شێوازو ڕێگەیەك کە بۆخۆیان گونجاوە پشتیوان‌و هاوکاری ئەم پرۆژەیەبن‌و لیژنەکانی پشتیوانی بۆ دابمەزرێنن‌و پەیوەندیمان لەگەڵ بگرن. دیارە ژمارە تەلەفۆنەکان لەئێستادا ئەمانەن:07701521852 & 07701549800 هەروەها بەئیمەیڵی: zmnaco@yahoo.co.uk ئەتوانن پەیوەندیمان پێوە بکەن.

ئۆكتۆبەر: پرۆژەكەتان چەندە جێگەی پێشوازی بووە؟ تاچەند پێشوازیتان لێكراوە لەلایەن ئەو كەسایەتیانەی كەمەبەستتانە بانگهێشت بكرێن بۆناو لیژنەی ئامادەكارو كۆنفرانسەكە؟

زمناكۆ عزیز: هەرچەندە هێشتا زووە كە تەقیمی ئەم حاڵەتە بكەین، بەڵام بەڕای من تائێستا بەدەنگەوە هاتن لەئاستێكی مام ناوەندیدایەو ئومێدەوارین بتوانین لەئاییندەدا وەڵامی سەرجەم گرفتو گرێكان بدەینەوە تا ئامادەیی زیاتر لەخۆ نیشان بدەن، ئەمیش بۆ وەها كارێك حاڵەتێكی تەندروستە، چونكە وەك ووتم مەسەلەكە حەساسەو زۆرێك لە هێزو بزوتنەوەكان ئیمكانیاتی زەبەلاحیان بۆ هەڵڕشتوەو خەڵكیان پێكرپیوە، بۆ ئێمەش ئاساییە كە لێمان بپرسن مەبەستتان چیەو ئەتانەوێ چی بكەن؟ چۆن وەڵامی چارەسەری ئەم وەزعیەتە ئەدەنەوە؟ مادەی 140 چی لێدێت؟ كێ دەعمتان ئەكاتو پشتیوانتان كێیە؟ كەركوك كوردستانیە یان چی؟ ئەمریكاو هاوپەیمانان چی لێدەكەن؟ ئەمانەو زۆرێك لە پرسیاریتر وایكردوە كە لایەنی بەرامبەر قورسی نیشان بدات بۆ كاركردن، بەڵام خۆشبەختانە توانیومانە وەڵامی پرسیارەكانی ئەوانو نارۆشنیەكانی خۆشمان بدەینەوە. چونكە كاتێك هاتینە ناو ئەم پرۆژەیەوە خۆشمان كەمترین قسەمان لەسەر ئەم مەسەلەیە كردبوو، بەڵام ئێستا بەرپێمان ڕۆشنترەو ئەزانین بەرەو كوێ هەنگاو هەڵئەگرین.

**ئۆكتۆبەر: ئایا پێتان وایە بە بەستنی كۆنفراسێكی وا وەڵام بە مەسەلەی كەركوك بدرێتەوە؟ یان بەرنامەكەتان درێژخایەنترەو بەردەوام ئەبن؟**

زمناكۆ عزیز: حەتمەن نەك كۆنفرانسێكو نەدەش جوابگۆ نابێت، ئەبێت هەر باسو كۆبونەوەیەك ڕیزێك خاڵی عەمەلی بەدوای خۆیدا بهێنێتو سەرەنجام ژمارەیەكی زۆر لەكەسانی ئاكتیڤ بەدەروری خۆیدا ڕێكخراو بكات. من ووتم لەئێستادا تەركیزمان لەسەر دوو مەسەلەی سەرەكیە، ئەمنیەتو خزمەتگوزاریەكان. دیارە دەیان گرفتو كێشەی تریش هەن، ئەوانە ئەمێننەوە بۆ پاش كۆنفرانسو لیژنەكانی پاش كۆنفرانس بەدواداچونی لەسەر ئەكەن. ئێمە قەناعەتمان وایە كە ژمارەیەكی ئێجگار زۆر لەخەڵك لەدەرەوەی ئەو حزبانە هەن كەئەتوانن تای تەرازوەكە بەلای بەرژەوەندیەكانی خەڵكدا بشكێننەوە، ئەمانەوێ بتوانینو دەستمان بگاتە ئەو كەسانە بۆ كاری هاوبەش لەسەر مەسەلەی كەركوك. بەم پێیەش بەرنامەمان درێژخایەنترەو بەردەوام ئەبین.

وە بانگەوزای دانیشتوانی شار ئەكەم كە لەدەوری ئەم پرۆژەیە كۆببنەوەو تیایدا بەشداری بكەن، وەلایەنەكانی تریش بانگێشت ئەكەین كە ئەگەر باسو خواستێكی سیاسیو ئینسانیان هەیە ئامادەین لەگەڵیان دانیشینو زاڵبین بەسەر خاڵی جیاوازییەكانمانو پێكەوە بتوانین كارێكی سودبەخش بۆ دانیشتوانی شاری كەركوك بكەینو بەربگرین لەبەڵاو هەڕەشەی شەڕی قەومی لەشارەكەدا.